# ماوسی نوێی کۆلەرمستەر و ئۆرگۆنۆمی بەهێز



کۆمپانیای کۆلەرمستەر لە بواری بەرهەمهێنانی کەیس، پاوەر و ئامێری لاوەکی کۆمپانیایەکی ناسراوە، ماوەیەکە چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ماوس و کیبۆردا چڕ کردۆتەوە. بەرهەمەکانی بەهۆی دیزاین و کارایی بەهێزیان ناوبانگی زۆریان هەیە، نوێترین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو ماوسێکی تایبەت بە یاری بۆ هەمیشەییە، بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوویەتی بکات دەتوانی چەندین کاتژمێری کاری لەسەربکات، ئۆرگۆنۆمی ماوسەکە زۆر گونجاوە. (ئۆرگۆنۆمی بە گونجانی هەر ئامێرێك لە گەڵ جەستەی مرۆڤ دەگوترێت). ماوسەکە بە CM strom sentinel lll ناسراوە. ماوسی ناوبراو چەندین گلۆپی OLED تێدایە و گۆڕانکاری بەسەر رەنگەکانیدا دێت، ماوسەکە هەشت دوگمەی تێدایە، پێنج لە دوگمانە بۆ رێکخستنن لەگەڵ پرۆگرامێکی دیاری کراو.



# مۆبایلیش حەمامی پێدەکرێت



هەموومان دەزانین هەر ئامێرێکی ئەلکترۆنی کە تەڕ بێت، کێشەی بۆ دروست دەبێت، جار هەیە بەتەواوی تێکدەچێت.. ساڵانە بە هەزاران مۆبایل بەهۆی کەوتنە ناو ئاوەوە تێکدەچن و فڕێ دەدرێن.. بۆیە دوو کۆمپانیای KDDI و Kyocera مۆبایلێکی هۆشمەندیان بەناوی Dignoe rafre بەرهەم هێناوە کە دەکرێت رۆژانە حەمامی پێبکەی و بە ئاو و سابوون بیشۆری. ئەو مۆبایلە یەکەم مۆبایلە بەرهەم هاتبێت کە دەکرێت جگە لە ئاو بە مادەی پاککەرەوەش بشۆردرێت. مۆبایلەکە لەگەڵ ئاوی گەرمیش کێشەی نییە تەنانەت ئەگەر ٤٥ پلەش بێت، مادەیەکی پلاستیکی تایبەتی تێدایە بۆ ئەوەی کە ئەگەر بکەوێتە نێو ئاوەوە بکەوێتە سەرەوە. تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەوەیە شاشەکەی ٥ ئینجە، رامەکەی ٢ گێگایە، میمۆری ناوخۆی ١٦ گێگایە و کامێراکەی ١٣ مێگایە..



## گۆڕانکاری لە ستایلی تەبلێت و مۆبایلەکانی ئایندە


پێدەچێت کاتی ئەوە هاتبێ کە گۆڕانکاری گرنگ لە دیزاین و ستایلی مۆبایل و تەبلێت و لاپتۆپەکانی داهاتوودا بێتە دی. کۆمپانیای سامسۆنگ کە یەکێکە لە کۆمپانیا گرنگەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ بەم دواییە داهێنانێکی نوێ تۆمار کردووەو بڕیار وایە لە داهاتوودا بەرهەمی بێنی ئەویش بریتییە لە مۆبایل و تەبلێتی نووشتاوە، هەروەك لە وێنەکە را دیارە تەبلێتەکە دەنوشێتەوە و دەچێتەوە پاڵیەك و دەکرێت لە گیرفانی بخەی. ئەو داهێنانە گرنگەی سامسۆنگ گەربێتو بگاتەبواری جێبەجێکردنەوە ئەوکات دەبێتە گۆڕانکارییەك نە تەنیا لە جیهانی تەبلێت و مۆبایلدا بەڵکو لە جیهانی کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و تەلەفزیۆنیشدا..

## مەچەکبەندێک گۆچانی دەستی نابینایانە

نابینایی خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە، بەڵام کاتێك ئەو گرفتە گەورەتردەبێت کە نابینا لە شارە گەورەکاندا بژیت و بیەوێ لە شەقامە قەرەباڵغەکاندا بپەڕێتەوە.. تەکنەلۆژیای نوێ گەلێك ئامێری تایبەت بە نابینایان بەرهەم هێناوە، یەکێك لەو ئامێرانە دەستبەنخدێکە کە بە sunu ناسراوە. شێوازی کارکردنی مەچەکبەندەکە لە شەمشەمە کوێرە دەچێت، شەپۆلێکی دەنگی بەرێ دەکات، ئەگەر شەپۆلەکە بەبەربەستێك گەیشت دەگەڕێتەوە و مەچەکی نابیناکە دەلەرێنێت، هەتا بەربەستەکە نزیکتربێت لەرینەکە زیاترە.

## ئامێرێک بۆ ڕزگاربوون لە پرخەی شەوانە

پرخەکردن لە خەودا هەم بۆ ئەوکەسەی کە پرخە دەکات و هەم بۆ ئەو کەسانەی لەلای دەخەون ئازارهێنەرە، لەبواری پزیشکیەوە هەوڵدراوە کە لەرێگای نەشتەرگەری یان رێگاچارەی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە. تەکنەلۆژیای نوێش هەوڵی خۆیداوە، nora یەکێك لەو بەرهەمە تەکنەلۆژیانەیە کە بۆ نەهێشتنی پرخە لە خەودا کاریگەری هەیە. ئەم ئامێرە بچووکە کە وەك سابوونێك دەچێت لە بن بالیف دادەنرێت، هەرکاتێك کەسێك پرخە بکات بەفرمانێك کە لە ئامێرێك وەریدەگرێت بای تێدەکرێت و بەرزی و نەوی بالیفەکە دەکات و هەتا پرخەکە نامێنێ، چونکە پرخە بە زۆری بەهۆی چۆنییەتی خراپ سەردانان لەسەر بالیف دروست دەبێت ئەوکاتەی کە مل و گەردن دەکەونە ژێر زەختەوە.. هەرچەندە هەندێك کەس پرخەیان بەهۆی قەڵەویانە، چونکە چەوری کێشەی بۆ مل و گەردنیان دروست دەکات.





## ریسیرڤێرێک بۆ وەرگرتنی کەناڵەکانی K4

ئەگەر بۆ رابردووی دوور بگەڕێینەوە دەماندیت کە تەلەڤزیۆنە قەبارە گەورەکان و ریسێرڤێر (سەتەلایت)ەکان ئەنالۆگ بوون، کەناڵەکانی نیشاندانیش هەر ئەنالۆگ! بەڵام دواتر بوون بە دیجیتالی لە دیجیتالیشدا بوون بە HD و سەرووی HD و لەم دوایانەشدا K4.


ئێستا هەموو سەتەلایتەکان تەنیا توانای وەرگرتنی شەپۆلی HD یان هەیە، بەڵام بە پەرەسەندنی ئامێرەکانی نیشاندانی کوالیتی K4 دەبێت کەناڵ و سەتەلایتی K4 بەرهەم بێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێک دەپرسێت، لە سایتەکاندا و بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا وێنە هەن کە مرۆڤ گومان لە راستی و دروستیان دەکات، چ ڕێگایەك هەیە بزاندرێت وێنەکە فۆتۆشۆپی نییە و دروست نەکراوە؟**


خوێنەری بەڕێز بەڵێ گەلێك وێنە هەن بە هیچ جۆرێك بە چاو و سەیرکردن تەنانەت بۆ شارەزاکانیش لەگەڵ وێنەی راستی لێکجیا ناکرێنەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت سوود لە پرۆگرامی Irfanview وەربگری.. ئەم پرۆگرامە کاتێك وێنەیەکی بۆ دەستنیشان دەکەی دیاری دەکات کە وێنەکە بە چ پرۆگرامێك کراوەتەوە و چ شوێنێکی دەستکاری کراوە...



## ئەنگوستێکی رۆبۆتی وایەرلەیس

زۆرجاران کاتێك لە نهۆمی خوارەوە دادەنیشی و نیازتە گلۆپەکانی سەرەوە هەڵبکەی یان بکوژێنیەوە، خۆزگە دەخوازی کرابا هەر بە مۆبایلەکەت ئەم ئەرکەت ئەنجام دابا، تەکنەلۆژیای نوێ ڕێگاچارەی ئەمەشی دۆزیوەتەوە. لە ژیانی رۆژانەدا هەموومان زۆر دوگمە دادەگرین، ئاواتمانە ئەو دوگمانە هەر بە فەرمانێکی مۆبایل داگیرابان و لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ کرابان، یان بۆ گەشتێك دەڕۆی لە ڕێگای دوورەوە بیرت هاتۆتەوە کە تەلەڤزیۆنەکە پێکراوە، یا سەلاجەکە کوژاوەتەوە... بۆ چارەسەری ئەم کێشانە کۆمپانیایەك دوگمەیەکی رۆبۆتی بەناوی micorobot push بەرهەم هێناوە، بەهۆیەوە لە ڕێگای دوورەوە وەك پەنجەی خۆت دوگمەکان دادەگرێت.. سایزی ئامێرەکە بەقەد قوتوە شەقارتەیەك دەبێت، هەرکاتێك لە مۆبایلەکەتدا هێمای دوگمەکە دابگری دوگمە سەرەکییەکە لە شوێنی خۆی دادەگیرێت.







کۆمپانیای direct TV ئامێریکی وەرگرتنی شەپۆلەکانی k4ی بەرهەم هێناوە، چونکە جیهان بەرەو K4 دەچێت، چەندین کەناڵ بە کوالیتی k4 بەرنامەکانیان بڵاو دەکەنەوە، بۆ نموونە بەشێك لە کەناڵەکانی تایبەت بە جیهانی گیانداران و هەندێك کەناڵی وەرزشی و تەلەڤزیۆنی نیشتمانی ژاپۆنیش دوو مانگ دەبێت ئەم هەنگاوەی گرتۆتە بەر، لە ساڵی ٢٠١٦دا زۆربەی تەلەڤزیۆن و ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی بە فیلم بە کوالیتی k4 دەکەونە بازاڕەوە.



# سایتێک بۆ دۆزینەوەی گۆرانی و ئاوازەکان

ئەوەی جارێك سەردانی ئینتەرنێتی کردبێ سەری لە سایتی گوگڵ داوە کە گەورەترین سایتە بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتانەی مەبەستتە، چ وێنە، چ کتێب یان دۆکیۆمێنت..تاد.. بەڵام لەو سایتەدا ناتوانی ئاواز و گۆرانی مەبەستت تەنیا بە گوتنەوەی ئاوازەکە بدۆزیتەوە..

سایتی midomi.com ئەو سایتە کە خزمەتگوزارییەکانی تایبەتە بە دۆزینەوەی ئاواز و گۆرانی، سایتەکە بە ئاسانترین شێوە گۆرانی مەبەستت دەدۆزێتەوە، ئەویش تەنیا بە گوتنەوەی گۆرانییەکە بۆ ماوەی پێنج چرکە، هەتا ئێستا سایتەکە پشتیوانی لە زمانی کوردی ناکات..بەڵام بۆ چەندین زمانی زیندوو جیهان بە ئاسانی ئەنجامی دەدات..

# کورتەپەیام و ناو و پرۆگرامە سڕاوەکانی مۆبایل بگەڕێنەوە

پرۆگرامە ریکۆڤەرییەکان واتە ئەوانەی ئەرکیان گەڕاندنەوەی بابەت و فایلەکان لە کۆمپیوتەردا گەلێك زۆرن و توانا و کارکردیشیان جیایە، بەڵام پرۆگرامێکی ئەوتۆ بۆ گەڕاندنەوەی کورتەپەیام و وێنە و ناو و پرۆگرامە سڕاوەکانی مۆبایل نییە کە بتوانێ بە باشی ئەرکەکان جێبەجێ بکات، جگە لە پرۆگرامی Wondershare Dr.Fone for Android نەبێت، ئەم پرۆگرامە بەبێ ڕێکلام لە ریزی باشترین پرۆگرامەکانە.. پرۆگرامەکە دادەبەزێتە سەر کۆمپیوتەر و پاشان کە بەهۆی کێبڵەوە مۆبایلەکەت لە کۆمپیوتەرەکە پەیوەند کرد، بە خێرایی دەتوانی زانیارییە سڕاوەکانی سەر مۆبایلەکە بگەڕێینەوە شوێنی خۆی تەنانەت ئەگەر لە سیمکارتیش دابێت..پرۆگرامەکە لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێت و پشتیوانی لە زۆربەی مۆبایلەکان دەکات.




# سەلامەتترین ئۆتۆمبیل

تەکنەلۆژیای سمارتی دیجیتالی چەند ساڵێك دەبێت چۆتە ناو جیهانی ئۆتۆمبیلیشەوە، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە گەلێك ئەرك ئەنجام دەدرێن کە پێشتر مرۆڤ خەیاڵیشی بۆ نەدەچوو، ئێستا هیچ کاتێك ئۆتۆمبیلەکەت بزر نابێت، لە هەر شوێنێکی جیهان بێت دەدۆزرێتەوە.. ئۆتۆمبیل بەرهەم هاتوون و پێویستیان بە شۆفێر نییە.. ئۆتۆمبیلی تویوتای جۆری piruxیش یەکێکە لەم ئۆتۆمبیلانە.. ئەم ئۆتۆمبیلە هێبریدییە واتە بە وزەی کارەبا کار دەکات و یەکەم ئۆتۆمبیلی جیهانە لەگەڵ دەوروبەر راستەوخۆ لە پەیوەندی دادەبێت، بۆ نموونە هەرکاتێك گەیشتە ترافلایت و گلۆپی سووری دیت شۆفێرەکەش نیازی هەبێ بڕوات و پێ لێ بنێت ئەو ناڕوات.. ئەگەر گەیشتە مرۆڤ یان ئۆتۆمبیل یان گیاندار و بەربەستێك خۆی ئۆتوماتیکی خێرایی کەم دەکاتەوە و دەوەستێت.. کاتێك هێمای سووڕانەوە بۆ لای چەپ لێدەدەی یان راست خۆی ئۆتۆماتیکی دەسووڕێتەوە، بە پێی تابلۆ ونیشانەکانی هاتووچۆ دەجوڵێتەوە، ئەمەش وادەکات بەبێ مەترسیترین ئۆتۆمبیل دابندرێت.

